گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# (مەحوی و عیشق)

**م.ی محمد عمر إبراهيم**
**بەشی بەبازارکردن/ کۆلیژی کارگێری وئابوری/زانکۆی لوبنانی فەرەنسی**
mohammed.omer@lfu.edu.krd

**زانیاری توێژینەوەکە**

وەرگرتن : ٢٠١٩/١١/٦
پەسەند کردن : ٢٠١٩/١٢/٨
بڵاوکردنەوە: پایزی ٢٠١٩
Doi : 10.25212/lfu.qzj.4.4.1

**وشە سەرەکییەکان:**

***Passion, literature, ethics, the soul, Mahwi.***

## پوختە

(عیشق لەشێعرەکانی مەحویدا) ناو نیشانی ئەم توێژینەوەیە، کەهەوڵی باسکردنی عیشق و ڕەنگدانەوەی لەشێعرەکانی مەحویدا کراوە، لەم ڕوانگەیەشەوە لەسیماکانی ئەو ڕەنگدانەوەیە دەکۆڵێتەوە ،توێژینەوەکە جگە لەپێشەکی و ئەنجام لەدوو بەش پێک هاتوە، لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی تیۆری باسی (عیشق و زاراوەی عیشق و جەمکی عیشق و تایبەت مەندییەکانی عیشق) کراوە، هەروەها لەبەشی دووەمدا بەشێوەیەکی پڕاکتیکی باسی (مەحوی و عیشق) مان کردوە، نمونەی شێعریش بۆ پاڵپشتی بابەتەکە هێنرا وەتەوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کەتوێژەر پێی گەیشتوە لەو چوار چێوەیەدا، ئەوەیە عیشق ئەخلاق بەمرۆڤ دەبەخشێت و لێوەی فێری ئەخلاق دەبێت، هەروەها عیشق حاڵەتێک نییە بێت بەسەر ڕۆحدا، بەڵکو خودی ڕۆح عیشقە، تەنانەت عیشق بەشێوەیەکی بەرچاو لەشێعرەکانی مەحویدا ڕەنگی داوەتەوە. وشەی کلیلی: عیشق، ئەدەب، ئەخلاق، ڕۆح، مەحوی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تێبینی:

لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لەدوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تێۆرییە و بەشی دووەم پڕاکتیکییە، لەبەشی دووەمدا چونکە دیوانی مەحویی زۆر دووبارە بۆتەوە لەپەراوێز دامان نەناوە،هەر لەتەنیشت هۆنراوەکە ئاماژەمان بەزانیاری پێویست داوە و لە لیستی سەرچاوەکانیشدا ناوی تەواوی سەرچاوەکەمان ئاماژە پێکردووە.

## پێشەکی

### 1ـ0 ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە,هەروەکو لەناونیشانەکەیەوە دیارە(عیشق و مەحوی) هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە بۆخستنەڕووی لایەنی عیشق لای مەحوی کەبەشێوەیەکی بەرچاو عیشق لەشێعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

### 2ـ0 هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هەرچەندە کۆمەڵێك توێژینەوە کراون لەسەر چەند لایەنێکی مەحوی لەناویشیاندا عیشق،بەلام ئاوڕی جدی لێنەدراوەتەوە،لەکاتێکدا عیشق بەشێکی زۆری لەشێعرەکانی مەحوی داگیر کردوە.

### 3ـ0 سنوری توێژینەوەکە:

تەنیا مژاری عیشقە لەدیوانی مەحویدا.

### 4ـ0 ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی تیۆری و پڕاکتیکییە و لەزۆر شوێنیش توانیومانە نمونەی شێعری بۆ پاڵپشتی بابەتەکە بخەینە ڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 5_0 گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان نووسینی هەر توێژینەوەیەك بەدەر نییە لەهاتنە پێشی گیر و گرفت، بەڵام دەتوانیمان بەپاڵپشت بەکۆمەڵێك سەرچاوەی پێویست ئەم توێژینەوەیە بگەیەنینە ئەنجام.

### 6_0 بەشەکانی توێژینەوەکە:

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی تیۆری باسی (عیشق و زاراوەی عیشق و چەمکی عیشق و تایبەتمەندییەکانی عیشق)مان کردوە، هەروەها لە بەشی دووەمدا بەشێوەیەکی پڕاکتیکی باسی (مەحوی و عیشق) کراوە.

## بەشی یەکەم

### 1-1 عیشق چییە؟

بێگومان هەربابەتێك، لەهەر باسێکی زانستیدا لێکۆڵینەوەی لە سەربکرێت، پێویستە ئەو بابەتە بناسرێت، چ لەڕووی سەرهەڵدانی بابەتەکەوە بێت یان زاراوەی بابەتەکە یان چەمکی ئەو بابەتە، کە سەرەتا لەنێو گەل و کۆمەڵگەیەك سەر هەڵدەدەن پاشان گەشە دەکەن و سنووری نێوان وڵاتان دەبڕێت و دەبێتە بابەتێکی گشتی لەنێو کۆمەڵگەکانی جیهاندا، هەڵبەتە گرنگی عیشق، وەکو خۆراك و هەناسە وایە بۆ مرۆڤەکان، چونکە کەس ناتوانێت بێ ئەمانە بژیت، بەڵام زۆرجار مرۆڤ لێی تێك دەچێت و هەستدەکات ئەم چەمکە چەمکێکی سادەو ئاساییە و گرنگی زۆر پێنادەن، ئەم فەرامۆشکردنەش بەتایبەتی لەو سەردەمی بێ ڕۆحییەدا ژیانی مرۆڤی بەرەو ئاڵۆزی و ئازار بردووە، هەڵبەتە مرۆڤ لەدوو بەش پێك دێت ڕۆح و جەستە، ئەوەی ئازاری بۆ مرۆڤ دروستکردووە گرنگیدانە بەجەستەو فەرامۆشکردنی ڕۆحەکەیە، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە عیشق چەند گرنگە، چونکە خودی ڕۆحەکەیە، هەربۆیە عیشق دەکەوێتە دیوە نەبینراوەکەوە، ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەین گرنگی و زاراوە و پێناسەی عیشقە.

### 2_1 زاراوەی عیشق لەڕووی زمانەوانییەوە:

وشەی (عیشق) وشەیەکی عەرەبییە و لە(عشق)ەوە هاتووە و بەدەگمەنیش لە شیعری کۆنی عەرەبیدا بەکارهاتووە، تەنانەت لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بەکارنەهاتووە،تەنیا لە وتەیەکی (سوەید)ی کوڕی (سەعید)* دانەبێت، بەڵام لە بنەمادا وشەیەکی عەرەبییە و بەچەندین شێوە ماناکراوە کە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ یەك ڕاستی و یەك واتا دووبارە دەکاتەوە کە مانای زۆر خۆشویستنە .

جەوهەری لە(الصاح)دا دەڵێت: (العشق فرط الحب)**،واتە عیشق ئەوپەڕی ئەڤین و خۆشەویستییە. (ابن سیدە)دەڵێت:(العشق عجب المحب بالمحبوب،یکون فی عفاف الحب و دعارتە)***،واتە عیشق سەرسام بوونی خۆشەویستە بە خۆشەویستەکەی، بۆ خۆشەویستی پاك و بە خۆشەویستییەکیش دەوترێت کە مەبەست لێی داوێن پیسی بێت.

(الفراو)دەڵێت:(العشق نبت لزج،و سمی العشق الزی یکون من الانســان للصوقە بالقلب)،واتە:عیش ڕووەکێکی لینجە و ئەو عیشقەی کە لەمرۆڤەوەیە بۆیە وا ناونراوە,چونکە دەلکێت بە دڵەوە.

(ابن الاعرابي)ش دەڵێت: (العشقە) :اللبلابة تخضر وتصفر و تعلق بالزي یلیما من الاشجار،فاشتق من زلك العاشق)***،واتە: (عشق):بەو لاولاوە دەوترێت کە سەوز دەبێت و زەرد هەڵدەگەڕێت و خۆی هەڵدەواسێت بەو دارانەی لەدەوروبەرین عیشقیش لەمەوە وەرگیراوە.

(غزالی)ش دەڵێت: (الحب عبارە عن میل الطبع الی الشیء الملز,فان تأکد ذالك المیل و قوي سمي عشقا)[1]،واتە:خۆشەویستی بریتییە لە خواست و ئارەزووکردنی سروشت و نەریت بۆ هەر شتێکی چێژ بەخش، ئەگەر ئەم ئارەزووە زۆر بەهێز بوو پێی دەوترێت عیشق.

ئەمانە کۆمەڵێك ڕاو بۆچوونی زانایان بوون دەربارەی زاراوەی عیشق.

### 3_1 چەمکی عیشق:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵبەتە پێناسەکردنی عیشق وەکو هەرچەمکێك لەچەمکەکانی تر ڕا و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، چونکە چەمکێکی فراوانە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆدەکرێت بۆنموونە عیشق:((بریتییە لە خودی ڕۆح))[]،ئەگەر تەماشایەکی ئەم پێناسەیە بکەین دەبینین جۆرە لێڵییەکی تێدایە، چونکە ئەگەر عیشق بریتی بێت لە خودی ڕۆح ئەی ڕۆح چییە لەکاتێکدا کە نابینرێت و کەسیش نازانێت ڕۆح چییە و چۆنە و لەکوێدایە، لەلایەکی ترەوە عیشق: ((بریتییە لە دیوی نەبینراوی شتەکان))[٣]،ئەگەر لەم پێناسەیەش ڕابمێنین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن شتێك نەبینیت دەتوانی بیناسێنیت یان چۆن بزانین ڕەنگ و تامی چۆنە، لەلایەکی ترەوە عیشق: ((بریتییە لە ژیان))[٤]،عیشق ژیانە ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسەیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ناڕوونی تێدایە، چونکە ئەگەر عیشق ژیان بێت ئەی ژیان چییە لە کاتێکدا هەر کەسە و بەجۆرێك دەژییێت، هەر کەسە و بەجۆرێکیش مامەڵە لەگەڵ عیشق دا دەکات، هەربۆیە عیشق: ((بریتییە لە سوڕێکی قوڵ کە ژیان دروست دەکات))[٥]،ئەم پێناسەیە دوو ڕووی هەیە، ڕووی یەکەم ئەوەیە زۆرجار عیشق ژیانە واتە ژیان بۆ مرۆڤەکان خۆش دەکات و هەست بە ئارامی و خۆشی دەکەن، بەڵام لەڕوویەکی ترەوە عیشق زۆرجار ژان و ئازارێکی زۆر بۆ مرۆڤەکان دروست دەکات.

هەندێکی دیکە دەڵێن: ((عیشق بریتییە لە ئازادی))[٦] ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسەیەش بکەین دەبینین دوو ڕووی هەیە، لەلایەك زۆرجار عیشق ئازادی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات و وای لێدەکات کە هەست بەبوونی خۆی بکات و ژیانێکی خۆش و سادە بۆ خۆی درووست بکات،لەلایەکی ترەوە عیشق نەك ئازادی بۆ مرۆڤ دابین دەکات، بەڵکو زۆرجار دەیخاتە ناو کۆت و بەندەوە، هەموو ئازادییەکانی لێ زەوت دەکات و دەیکاتە بەندەی کۆمەڵێك شتی دی کە شایستەی بەندایەتی کردن نین.

ئەمە کۆمەڵێك ڕا و سەرنج بوون دەربارەی عیشق و ناساندنی، هەروەکو وشەی ژیان وابوو هەر کەسەو بەجۆرێك تێی دەڕوانن و پێناسەی دەکەن، بەڵام ئەم پێناساندنە کۆمەڵێك گرێ و گۆڵ و لێڵیان تێدا بو.

لەلایەکی ترەوە عیشق: ((بریتییە لەو پەیوەندیەی کە لەنێوان دوو کەسدا دروست دەبێت ئەویش (عاشق و مەعشوق) کە بەتوانەوەی یەکێکیان عیشق کۆتایی دێت))[7].

ئەو پێناسەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە عیشق لە خۆیەوە دروست نابێت دەبێت مەعشوقێك هەبێت، بۆ دروست بوونیشی پێویستی بە عیشقێکی ڕاستەقینە دەبێت هەر دووکیان لەناو یەکتردا بتوێنەوە، عیشق ئەگەر ڕاستەقینە بێت ئەگەر فریودان نەبێت ئەگەر بەهەڵە حاڵی بوونیش نەبێت، دۆزینەوەی ونبووی حەقیقی بێت ئەوا ئەو عیشقەی شکۆفە دەکات و دروست دەبێت، هیچ پەیوەندییەك نییە عاشق لە مەعشوقدا بتوێتەوە، بەڵکو هەردووك لەیەکتری دا دەتوێنەوە، نەوەك یەکێکیان لەوی تردا .

عیشق ئاوێتە بوونی دوو ڕۆحە، یەکگرتنی دوو گیانە، یەك بوونی دوو ناخە، کاتێك ئەم دوو ڕۆحە یەکیان گرت و تێکەڵی یەکتر بوون پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا دروست دەبێ هەر بۆیە:(ابن القیم) دەڵێت:((هەرچەندە پێناسەی جۆراوجۆر بۆ عیشق کراون خەڵکی زۆر لەسەری دواون، بەڵام هیچ کەس نەیتوانیوە حەقیقەتی عیشق و خۆشەویستی و شەیدایی و ئەوین، وەکو ئەوەی کە هەیە باس بکات، بەڵکو هەریەك لەلایەکەوە سیفەتێك لە سیفەتەکانی خۆشەویستی و دەرەنجامێك لەدەرەنجامەکانی عیشق و ئەوین باس دەکات))[٨]

ئەگەر تەماشای هەموو شتە ڕۆحییەکان بکەین هەروان، هەر مرۆڤێك، کە دەگاتە هەستێکی مەعنەوی و پەی بەشتێکی لەو جۆرە دەبات لەناخی خۆی دا ناتوانێت بەرامبەرەکەی تێ بگەیەنێت، مەگەر دەستی بگرێ

و بیبەی بۆ ئەو هەستەی خۆی، مرۆڤ بۆ ئەوەی بزانێت ژیان چییە، بۆ ئەوەی لەژانە سەر حاڵی بێت پێویستە تووشی سەر ئێشە بیت ئەوجا تامی دەچێژیت و لێی تێ دەگات، هەرچەندە دواتریش نازانێت چییە؟ عیشقیش هەروایە . . .

(محی الدین ئیبن عەرەبی) دەربارەی پێناسەی عیشق دەڵێت:((هەر کەسێك پێناسەی عیشق بکات ئەوە نەی ناسیوە و کەسێك کە لەجامی عیشق پیاڵەیەکی نۆشیبێ ئەوە نەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناسیوە و هەر کەسێکیش کە دەڵێ من لەو جامە تێر بووم ئەوە نەی ناسیوە، عیشق شەرابێکە کە هیچ کەس تێر ناکات))[٩] هەر بۆیە عیشق ئەو مەقامەیە کە پیتەکانی عەقڵی تێدا هەڵنوشتاون، چونکە عیشق مرۆڤ وا لێدەکات کە بەجۆرێك بژیت کە عەقڵ پەی پێ نەبات، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لە عیشق تێ بگات با لە کەس نەپرسێت بەڵکو لەخودی عیشق خۆی بپرسێت عیشق چییە، ئەوەتا مەولانای ڕۆمی دەلیت: (جارێك کوڕەکەم پرسیاری لێکردم عیشق چییە باوکە گیان، وتی منیش تۆزێك بە ئارامی وتم بۆ لە من دەپرسی عیشق چییە؟ چونکە عیشق دوو ڕووی بڵاوە پێویستی بە ڕاڤە و شیکردنەوەی من نییە، عیشق خۆی ڕاڤەکار و وەرگێڕە کورم))[١٠] ئەمە بۆچونێکی واقعییە لە عیشق بەتێڕامان لێی و چوونە ناوی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەت دەداتەوە کەلای تۆ ونن و هەموو ئەو ژوورە تاریکانەت بۆ ڕووناك دەکاتەوە، هەر کەسێکیش هەڵگری ئەو مۆم و چرایە بێت ئەوا هەرگیز ئەو ڕێگایەی پێش خۆی لێ وون نابێت.

## 4ـ1 تایبەتمەندییەکانی عیشق:

هەڵبەتە عیشق بەهۆی فراوانییەوە وایکردووە چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەکی هەبێت، ئەمەش بەتێڕوانینی نوسەرو عاریفان تەیبەتمەندیەکان بەجۆریکی تر ڕەنگ دەداتەوە، هەروەکو سەعدی شیرازی دەڵێت:((وەرە ئەی عیشق بمبە ئەگەر نەمبەیت ئەوا عەقڵ دەم خوات))[١١] یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی عیشق کەدەیدات بەتاك ئەوەیە، کە هەمیشە کەسێکی خۆش ئەخلاقە، کە ئەوەش گەورەترین سەرمایەیە کە عیشق دەی دات بەتاك ئەوەش وەڵامی هەموو ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن مرۆڤ دەتوانێت بێ عیشق بژی.

عیشق دارمانی ئەخلاق نییە لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو ئەخلاقێکی بەرز دەدات بە کۆمەڵگە، بۆنموونە: ((گەورەترین شت کە لە عیشقەوە دەست بکەوێت خوودی ئەخلاقە))[١٢] ، یەکێکی تر لەو شتەی کە عیشق دەی دات بە مرۆڤ وای لێ دەکات کە هەست بە لەدایك بوونەوە بکات، هەست دەکات کە تازە لەدایك بووە، وەکو مەولەوی دەڵێت:((هەر کەس تەوەلود دووبارەش نییەن، هەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن))[١٣] واتا ئەوەی دووبارە لەدایك نەبێتەوە هەرگیز بەختەوەر نابێت. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکان وا لەمرۆڤ دەکات کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسێکی ئارام و لەسەرخۆ بێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکدا، واتا کەسێکی لەسەرخۆ و شایەنی قسەکردنە، بەڵام ئەگەر تەماشای پارە و دەسەڵات بکەین، چونکە شتانێکی دوونیایین مامەڵەیان مامەڵەیەکی وشکە، بەڵام عیشق بۆ دواڕۆژ جیهانێکی هێندە فراوانە کە جێگای هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە بە پێچەوانەی جیهانی ماددیەوە، بۆیە سیفەتێکی دیکە ململانێکان هێور دەکاتەوە واتا ململانێ ناهێڵێت کە ئەمەش بۆ ئەمرۆ زۆر گرنگە کە جیهان پڕ بووە لە سیراع و ململانێ، بەجۆرێك دەگاتە ئەودیو دەسەلاتی عەقڵ، ئەمەش دەبێتە مانای عەقلانییەت، بەڵکو بەشێوەیەك کە بریتییە لە (عەقڵ - عیشق) واتە عەقڵ شتی تریشە، عەقلانییەت وشکرێژییە،بۆیە دەبێت ئێمە ئەزموونمان بەجۆرێك بێت لە عەقڵ، ئەوەتا سەعدی شیرازی دەڵێت:((یەکێك لەهەرە سیفەتە بەرزەکانی عیشق ئەوەیە دەست بەرداربوونە لەحەزە جەستەییەکان))[١٤]، هەر بۆیە مرۆڤ کاتێ زیندووە کە عیشقی هەبێ، هەروەکو چۆن مرۆڤ و زیندوو بوون یەك شتن، مرۆڤ کاتێك مرۆڤە ئەگەر زیندوو بێت، دڵ و ڕۆحیش بەهەمان شێوە یەك شتن بۆیە مرۆڤ چەند عەقلانی بێت هێندە زیندووە، بەڵام ئەگەر عیرفانی نەبوو ئەوا هەرگیز ناتوانێت ڕۆحانی بێت، چونکە گەر عیشق نەبوو ڕۆحیش نییە، هەروەك چۆن کە چاو نەبوو بینینش نییە.

سیفەتێکی تری عیشق کە دەیدات بە مرۆڤ ئەوەیە کە گەنجە و هەست بە پیر بوون ناکات، کەسی عاشق ڕاستە بەجەستە پیر دەبێت، بەڵام هەمیشە ڕۆحی گەنج و پڕ لە ئومێد و داهێنانە، کەسی عاشق کەسێکی وریایە و هەمیشە لەسەر هەستە و هەست بەبوونی خۆی دەکات و پێیوایە بوونی هەیە لەسەر زەوی (ئیبن جەوزی)) دەڵێت:((بە لەیلایان گووت ئەو کەسە وا لە عیشقی تۆدا مرد، ووتی سوێند بەخوا منیش لەوە دەترسم بەو هۆیەوە بمرم، پێشیان گووت چ چارەیەکت پێیە تاوەکو باری سووك بکەی، گووتی تەنیا ئارامگرتنی هەردووکمان))[١٥]، کەواتە عیشق مرۆڤ ئارام دەکات.

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی عیشق کە دەی دات ب مرۆڤ ناسککردنەوەیە، ناسك بوونەوەیە کە جوانییەکان دەبینێت، بۆیە زبری و ئیمان هەرگیز بەیەکەوە کۆنابنەوە، هەر ئەم ناسك بوونەوەشە کە پێش هیوایەت دەکەوێت و سەرەتایەکە بۆ هیدایەت ئەمەش مانای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- كوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوور کەوتنەوەیە لە (اشو قسوە)، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی عیشق گەرم کردنەوەی شتە ساردەکانە، دوور کەوتنەوەیە لە لادان واتا (بیدعە)،دەبێت ئەوەش بزانین کە کەسێك عاشق نەبێت ناتوانێت ئەوە بکات و ئەو هەموو جوانیانە ببینێت و دروستی بکات، ئەوەتا عەبدولکەریم سورش دەڵێت:((فکرە نوێیەکان دەیانەوێت عاشقەکان بەرەو ڕەقیبەکان بەرن، بەڵام گووتاری ڕەقیبەکان نەهاتووە))[١٦].

خاسیەتێکی دیکەی عیشق ئەوەیە کە گرنگی بەخۆ دەدات و هەموو هەوڵێك دەدات بەشێوەیەك دەربکەوێ کە خەڵك سەرسام بکات و وای لێ بکات کە ژیان لای خۆشەویست بێت و هەست بە بێزاربوون نەکات، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە عیشق وتەیەکی خۆشەویستییە، نابێت بکەوێتە دەستی هەموو کەس، چونکە لەوانەیە دواجار ئاکامیکی خراپی هەبێت، عیشق بەمانا ڕاستی و دروستی جا بە مرۆڤ یان خودا یان زەمینی یان ئاسمانی دەبێ برەوی پێ بدرێت و چاکبکرێت و ئەوە ڕابگەیەنرێت کە نارەحەتی هێنەر و وەڕسکەر نییە غیرە کردن تەنیا بە ئابڕووی مرۆڤ نییە، غیرە کردن لەسەر عیشقی مرۆڤ هەیە، عیشق لەنێو مرۆڤەکاندا هەڵبەتە تێکەڵ بەهەموو کار و بارەکانیان دەبێت،

کەواتە:((عیشق ئومێدە، ئومێدی گەیشتن بە وەسڵ و خەڵوەت و ڕاز و نیازکردن، بەرزبوونەوەیە تا ئەو کاتەی ونبووی ڕاستەقینەکەی خۆی دەدۆزێتەوە، هەر کە دۆزیەوە و ناسی ئیتر لەودا دەتوێتەوە، یان ڕاستر بڵێین لەیەکدا دەتوێنەوە، عیشق یەك بوونە لە تەك یاری دۆزراوەدا، کە یار و دڵداریش ئاوێزەی یەکتر بوون و یەك تەزە و لاشەیان پێك هێنا لەوێوە دیوێکی تری عیشق جیلوە دەکات و ئینجا عاشق بڵاو دەبێ و خۆشی سەر لەحاڵی خۆی دەرناکات))[١٧] لەوەوە ڕووندەبێتەوە عیشق ناکریت تەنها لەیەك ڕووەوە سەیربکرێت، چونکە فرە ڕەهەندە و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، کەپێشتر ئاماژەمان بۆکردبوو.

## بەشی دووەم

### ٢ـ١ عیشق و مەحوی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەحوی یەکێکە لەو شاعیرانەی, کە خزمەتێکی زۆری بە ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی کردووە, لەزۆربەی بوارەکاندا. بەڵام زۆرێك لەوانەی کە دەنووسن و قەڵەم دەگرن و مەرەکەب دەڕێژنە سەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان، دەگوترێت (مەحوی) سۆفیەکی وشکە و لە کونجێکی ژوورەکەی خۆی دا دانیشتووە، بەڵام ئەمە ئاسایی نییە کە (مەحوی) بە تەنیا لەیەکێك لەو گۆشانەدا لە قاڵب بدەین. شتێکی ئاشکرا و حاشا هەڵنەگرە, کە شیعری ئایینی ڕووبەرێکی فراوانی لە شیعرەکانی (مەحوی) داگیر کردووە. بەڵام هێشتا ئاسان نییە, کە مەحوی وەکو شاعیرێکی ئایینی دابنرێت، چونکە لەبەرانبەر ئەوەدا مەحوی شیعری وەهاشی هەیە کە ژیاندۆستی و چێژ ویستی ڕەگەزی بەرانبەر بەجۆرێك تێیدا باڵا دەستە کە بەهەشتی خوا لەپێناوی گەیشتن بەوی یار و گەیشتن بەچێژی ڕەگەزی بەرانبەردا بەلاوە دەنێت. ئەمە جگە لەوەی کە لەشیعری مەحوی دا ئەگەر لەئاستی سادەش دابێت جۆرێك لە مەیلی گەڕانەوە بۆ سروشت هەیە، کاتێك بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە جوگرافیای شار بۆ عیشق و دڵداری نابێت، بەڵکو ئاداب و ووتەکانی عیشق تەنیا لە سارادا یان باشتر بڵێین لە ناو سروشتدا بە ئەنجام دەگەیەنێت، هەر لێرەشەوە عیشق بە ئاشکرا لە شیعرەکانی مەحوی دا دەردەکەوێت، مەسەلەی عیشق و دڵداری ڕووبەرێکی فراوانی لە شیعرەکانی مەحویدا داگیرکردووە، بە ئاشکراش دیارە عیشق لە تێڕوانینی مەحوی یەوە بەهێزترین هێزی هەیە, کە دەشێت هێزی جوڵێنەری ژیان بێت، هەندێك جار دەشێت عیشق, لای مەحوی وەکو عیشقی خودایی لێك بدرێتەوە، بەڵام دیسان ئەو پرسیارەش خۆی دەسەپێنێت ئایا دەشێت مەحوی تا ئەو ئەندازەیە پەیوەست بێت بەخودای خۆیەوە. [١٨]

چونکە لە شیعرەکانی مەحویدا دەربارەی عیشق ئەوە دەبینرێت و باسی دەکات کە عیشق ڕۆحیەتی ڕۆحە، ئەمەش ئەوە دەردەخات, کەشاعیر عارفێکی خواناس بووە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا عیشقی حەقیقی و مەجازی تێکەڵ بەهۆنراوەکانی کردووە، لێرەدا چەند نموونەیەکی شاعیر لەسەر ئەم بابەتە دەخەینە ڕوو.

### 2ـ٢ تەوەرەی یەکەم: (چارەنووسی عەقڵ + تەنیایی + ناتەنیایی):

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا بە نمونەی شیعری باسی چارەنووسی عەقڵ و تەنیایی مرۆڤ دەکەین لە تێڕوانینی مەحویدا, کەباس لەوە دەکات مرۆڤ بێ عیشق ناتوانێت بژیت و پێویستی بە باوەشێکی تر هەیە بۆئەوەی ئارام بێت .

## أ- چارەنووسی عەقڵ:

لەهەر جێیەك هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵ ڕوخان((مەحوی))

ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چ بکا؟!          دیوانی مەحوی،ل48

لێرەدا مەحوی عیشوەتی عاشق بوونی بە خۆر شووبهاندووە و عەقڵیشی بە ئاونگی شەو شووبهاندووە, کە لەسەر گوڵ و گیا و جودی هەیە، پاشان نامێنێت، چونکە ئەگەر عیشق پەیدابوو عەقڵ وون دەبێت، لێرەدا دەڵێ بینینی یار یان ڕێژەی زۆری ئەو جوانییەی، کە عاشق دەبینێت هێندە کاریگەرە و دەوری خۆی دەبینێت، ئیتر عەقڵ لەهۆش خۆی دەچێت، هەر بۆیە لە بینینی مەعشوقدا هەست و نەستەکان و بینینەکان ئاسایی نین و جیاوازترن ئەوەی کە هەردوولا لە عاشق و مەعشوق دەیبینین ڕۆحی هەریەکە یانە نەك خودی جەستە و ماددیاتی ڕووکەشی، هەرچەندە وێناکردنی ئەم ڕۆحە جوانی لە دەربڕینەکانی جەستە و نیگاکان و ئەگریجەکاندایە .

کەواتە، ئەگەر هەر وردە عەقڵ بوونێك لەپێش بینینی یاردا هەبێت ئەوا ئەو بینینە دەبێتە هەڵم و نامێنێت، لەبەرئەوەی کاریگەری بینینەکە وەك کاریگەری خۆر وایە لەسەر دەورووبەرەکەی، کە بەرگەگرتنی زۆر سەیر کردنی زەحمەتە، هەر بۆیە هەرگیز عاشق و مەعشوق وێنەی ڕاستەقینەی یەکتری نابینن، هەروەك ووتراوە: (چاوی عاشق کوێرە) بە نهێنی مەحوی ئەوەمان پێدەڵێ، کە دوای تەواوبوونی بینینەکان و لەیەکتر جوودابوونەوەی عەقڵ لە هەڵمبوون ڕزگاری دەبێت، پاشان وەك خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر عەقڵ نەگەڕێتەوە، ئەوا هەست بە هەڵمبوونی نەدەکرا, کەواتە یەکێ لە مەرجەکان عاشقبوون لای مەحوی گەیشتنە بەپلەی بە هەڵمبوونی ئاونگی عەقڵ، کەواتە دەرهاویشتەی بەعەقڵ بوون و نائامادەیی عەقڵ بۆ کاریگەری زۆر بەهێز و ڕەفتاری نهێنیانەی مەعشوق دەگەڕێتەوە، کە

کاریگەرییەکەی وەك خۆر وایە لەسەر ئاونگی گژ و گیاکان، کە لێرەدا مەحوی لە فۆرمێکی فەلسەفیدا ئەم وێناکردنە عیشق ئامێزانەی کردووە.

تەنیایی:

ڕەم دەکا حەتتا لە میهر و مەە جنوون ئادابی عیشق
سێبەری لێ بارە هەر کەس مەیلی تەنهایی بکا            دیوانی مەحوی ل50

واتا، هەر کەسێ بەهۆی عیشقەوە ڕەوشتی کەسێکی شێتی گرتبێ، ئەوە تەنانەت لە مانگ و خۆریش ڕادەکات، عاشق حەزی لە تەنیاییە، ئەوەی کە حەزی تەنیایشی کرد ئەوە سێبەری خۆشی لێدە بێت بەیار، هەندێ جاریش لەم سێبەرە ڕادەکات، بەڵام ئەو تەنیاییە دوانەیەك بەرهەم دێنێت و تەنیا لەچاوی خەڵکدا دیارە، حەزی لێیە نیاز و ڕازی خۆی لێك بداتەوە، هەمیشە لەخەیاڵی یارەکەشی دابێت، چونکە لە تێڕوانینی عاشقدا ئاگا بوون و ئامادەیی هەر کەسێك لەخەو و خەیاڵی مەعشوقەکەی کرد، ئەوە بە پرۆسەی تەنیایی دەزانێت هەر بۆیە لێی ڕادەکات.

هەندێ جاریش لە سێبەری خۆی ڕا دەکات، هی ئەوەیە، کە بە بینینی سێبەرەکەی زنجیرەی ئەفکاری مەعشوقەکەی دەپچڕێنێت، پێوەرێکی ئاشکرا و ڕوون بۆ ئەوەی کاتێ کە عاشق حەز لەتەنیای دەکات، مانای ئەوەیە کە تەنیایی نییە، ئەوەیە کە زۆربەی کات بەجووڵەی دەست و زمان و لێوەکانی قسە لەگەڵ یارەکەیدا دەکات.

لێرەدا مەحوی خۆر و مانگی بەوێنەی هاوڕێ هێناوە، ئەگەر تەنانەت ئەو هاوڕێیانەی کە عاشق لێیان ڕادەکات وەك مانگ و خۆریش وابن هێشتا ئەو تام و چێژەی خەیاڵاتی ناو فکری عاشق پڕ ناکاتەوە هەروەك ئەدیبیک دەڵێت: ((مرۆڤ خەیاڵی لەهەر جێگەیەك بێت، خۆشی هەر لەو شوێنە ئامادەیە))[19]

ناتەنیایی :

لەکن من ئەسڵی نیە و نەبووە عەیشی تەنها خۆش
نیە بەهەشتی خودا هەم بەبێ ئەحیببا خۆش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیوانی مەحوی،ل197

لێرەدا, مەحوی نمونەی دێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت, کە مرۆڤ بەبێ بوونی دۆست و مەعشوقێك بۆی مەحاڵە ژیانی پێ بەڕێ بکرێت، بەڵگەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ لەبەهەشتدا یەکە لەهیچ شتێکی کەم نییە و هەموو شتەکان و پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بەبێ بوونی دۆست و هاوتایەك بژیت، دەی ئەگەر لە بەهەشتێکدا کە هەموو پێویستییەکانی مرۆڤ هەبێت دۆستایەتی و دوا نەش یەکێك بێت لە شتە زۆر پێویستییەکانی و بەبێ بوونی ئەمە بەهەشتیش خۆش نەبێت، ئیدی بۆ دەبێت لە دنیایەکدا کە زۆربەی کات پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤیش بوونیان نییە بۆ ئەوەی پێویستیمان بە دۆستێکی دی نەبێت ؟! بەڵێ دەبێت، هەروەکو چۆن دۆستەکەی بەهەشت شایانی دۆستایەتی بەهەشتیشە، بەهەمان شێوەش دەبێت دۆستەکەی دونیاش لەگەڵ گەرما و سەرما و وەرزە جیاوازەکانی دنیاشدا هەڵ بکات و بۆ سیفەت و سروشتەکەی بگونجێت، لێرەدا مەحوی بوونی دۆستایەتییەك لە نێوان هەر دوو کەسی ڕەگەز جیاوازدا بەپێویست دەزانێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەمان پێ دەڵێت، کە دەبێت شایەنی دۆستایەتی و هەڵگر و لەئامێزگری سروشت و فەزای هەمەچەشنی ئەو دنیا تایبەتەی عیشق و دۆستایەتییە کە بێت، کەواتە مەحوی لەگەڵ دنیادا هەڵناکات و پێشتریش لەژیانیدا هەڵینەکردووە و نایەوێت تەنانەت لە بەهەشتیشدا تەنیابێت.

### 2_٣ تەوەرەی دووەم : بەهێزبوونی مەعریفە

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق

((مەحویا)) دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا          دیوانی مەحوی،ل52

لێرەدا، مەحوی دەڵێت هەتا داغ و ئاە و ئەسەفی عیشق نەبینێت و نەچێژێت، ئەوە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی ڕۆحی مەعشوقی بۆ دەرناکەوێت، کەواتە دڵ دەبێت داغی عیشق بچێژێ نەك باخی    عیشق بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و چێژێك کە بەرهەمی ئەم حەقیقەتەیە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی سەرکەوتوونین لە مەلەوانی دەریایی هەمیشە لە قووڵی عیشقدا یەکێ لە فاکتەرەکانی ئەوەیە کەپێش ئەوەی داغی عیشق بچێژن هەمیشە

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەچاوەڕوانی باخی عیشقدان کە هەندێ جاریش نازانن کامە باخی عیشقە، ئیدراکی حەقیقەتی عیشق بەچاو نابینرێت، بەڵکو ئەوەی دەی بینیت چاوی دڵە و ئەوەی دەی چێژیت هەر دڵە، چونکە چێژ وەزیفەی دڵە و چاو وەزیفەی بینینێکی هەیە بەبێ چێژ، بۆیە مەحوی دەڵێ ئەوەی کە بە چاو بیبینێ نەك بەدڵ ئەوا ئەو کەسە دانایە نەك عاشق، چونکە لەڕێگەی عەقڵی پشت چاوەوە بینراوە نەك لەلایەن خوێنی دڵەوە، عەقڵیش سیفەتی ئامادەیی و بوونی دانایە کە بە گوزارشتێکی جیاوازترە.

لە نمونەیەکی تردا دەڵێت:

لەبەر دەرگاهی عیشقا یەکسەرە هەر کەس سەری دانا

ئەگەر پەتیارەیەك بوو،بوو لەسەد عەللامە داناتر        ( دیوانی مەحوی ، ل 160 )

لێرەدا پێی وایە، کۆشك و عیشق دەرگای هەیە، هەر کەس لەبەردەمی ئەم دەرگایە سەری دانەواند و چووە ژوورەوە ئەوە، ئەگەر ئەم کەسە بەتەیارەیەکیش بێت لە دواجاردا لە دانا و زانا عەللامەتری لێدەردەچێت، لەبەرئەوەی دنیای عیشق دنیایەکی تێکەڵەیە لە درك و داڵ و خەندە و پێکەنین و ئازار و ژان و فرمێسك و خەیاڵێکی چەندان سەرە و قوربانیدان و لێبوردەیی و ناو و ناتۆرە و بازدان و کەوتن هەر مرۆڤێکیش لەناو ئەو ڕەهەندانەی ژیانی عیشقەدا ژیا، بێگوومان لەبەرئەوەی ئەزموونی کردووە، دەبێتە پسپۆڕ تێیدا و لە دانا داناتری لێدەر دەچێ.

لەلایەکی ترەوە: ((مرۆڤی ئەزموونکار دووجار دانایە جارێك فێربوونی زانیارییەکانی، جارێك بە کردەوە نواندنی))[20] ئەو زانیاریانە، کاتێ مەحوی باس لەوە دەکات کە دەبێتە دانا تر لە دانا، مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤی دانا تەنیا بەهۆی فێربوونێکی تیۆرییەوە دەبێتە دانا، بەڵام کە ئەزموونی لەگەڵدا بوو، ئەوا لەدانا داناترە، ئەمە جگە لەوەی کە لەناو عیشقدا جیهانێکی تری نادیار و غەریب و مەعنەوی هەیە، کە مرۆڤی عاشق و مەعشوق پێی ئاشنا دەبن و چەندان جار لەڕێگەی خەیاڵەوە لەگەڵ یەکتردا دەدوێن، کە دەشێت بەهۆی ئەمەشەوە

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بگەیتە پلەیەکی بەرزتر لەدانایی، لەبەرئەوەی تەنیا لەڕێگەی هەستی دڵەوە هەر یەکە لە عاشق و مەعشوقەکان هەست بە خەیاڵاتی ژیانی یەکتر دەکەن و بەو هۆیەوە خەیاڵی پڕ یەقینی ئەوەی لەلای گەڵاڵە دەبێت، کە یارەکەی توشی شتێکی نائاسایی هاتووە کە لە دواجاریشدا زۆربەی کاتەکان ڕاست دەردەچێت، کەواتە ئەم پلەیەك باڵاتر لە دانایی بەرهەم دێنێت .

### ٢ــ٤ تەوەرەی سێیەم : قوربانیدان:

مەحوی باسی ئەوە دەکات، دەڵێت هەر کەسێك بیەوێت بچێتە مەیدانی عیشقەوە دەبێت تەما لە گیانی خۆی بنێت و قوربانی لەو پێناوە بدات، هەروەکو دەڵێت :

تا نەبووری تۆ لەسەر، ڕێ ناخەیە مەیدانی عیشق
سەر لەپێشی پێ دەبێ لەم ڕێگە دانێی ((اولا)) (دیوانی مەحوی، ل 61)

هەر کەسێك بیەوێت بچێتە مەیدانی عیشق و موحیببەتەوە، دەبێت پێش ئەوەی بیر لە هەنگاو نان بکاتەوە دەست بەرداری گیانی خۆی بێت و قوربانی دانەکەی لە جیهادی جەستەیەوە دەستپێ بکات، لەبەرئەوەی ڕێکردن لەم مەیدانەدا بەسەرە نەك بەپێ، ئەگەر بەپێ بێت ئەوا جیاوازی نێوان عاشق و خەڵکی ئاسایی نابێت ئەمە لە کاتێکدا عاشق جیاوازە لە مرۆڤی ئاسایی لەبەرئەوەی تێڕوانین و بینین و هەستکردنەکانی جیاوازترن، دەبێت ئەوە بزانین مرۆڤ لەڕێگەی پێوە دەشێ شێتانە هەنگاو بنێ و شوێن پێیەکانی پێش خۆی بکەوێت کە نازانێت هی کێ یە، زۆربەی کات لەناو خەیاڵی ناو سەرەوە ڕاز و نیاز لەنێوان عاشق و مەعشوقدا دەکرێت و پێ لێرەدا هیچ ڕۆڵێك نابینێت، هەمیشە کاتێ پڕۆسەی خۆشەویستی بە عیشق دەدرێتە قەڵەم کەوا ڕاز و نیاز و خۆ یەکلایکردنەوەکان لەپێناوی ڕۆحی یەکتردا بێت. ئەوەتا لەم دێڕەشدا دەڵێـت:

هەر دەڵێ پێوە نەبێ داغ و خەتی جێ دەمی تیغ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عیشقی ببێ دەعوییە بێ مۆر و سەنەد (دیوانی مەحوی ، ل 150)

لێرەدا مەحوی لێکچونێك لەنێوان ئەو کەسەی بانگەشەی عیشق دەکات لەگەڵ ئەو کەسەش کە دەیەوێت داوا و دەعوایەك بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێك کە خۆی مەبەستییەتی دابمەزرێت و دەڵێ ئەو داوای دامەزراندنە هەتا مۆر و ئیمزای لەسەر نەبێت، جێگای متمانە و دڵنیایی و بەڵگەی دامەزراندن نابێت، واتە دڵی ئەو کەسەش کە بانگەشەی عیشق و عاشق بوون دەکات، جێگەی داغ و ئاە و تیری خۆشەویستی لەسەر هەڵکەندرابێت، تاکو لەناو خەڵکی ئاساییدا بناسرێتەوە و ببێتە سمبولێك بۆ ژیانی قوربانیدانی نێو فەزای عیشق، لێرەدا مەحوی دڵی کردۆتە پێوەر، بۆئەوەی جێکەوتەی زام و ئاهی لەسەر بێت نەك جەستە و شوێنەکانی دی سەرجەستە، لەبەرئەوەی دڵ هەروەك چۆن سەرچاوەی خۆشەویستی و سۆز و میهرە بۆ مەعشوقەکەی، بەهەمان شێوەش سەرچاوەی ئازار چەشتن و مژینی ساتەکانی بە خوێن بوونە، تەنانەت بینینەکانی عاشق و مەعشوق بۆ یەکتر لە دڵەکانیانەوەیە نەك چاوەکانیان، بەهەمان شێوەش مۆر و ئیمزا خوێناوییەکەی سەر دڵی عاشقیش دەبێت بەهۆی سلوك و هەڵوێست و گووتە و دەست و چەکی نادیار و مەعنەوی مەعشوقەوە کرابێت.

ئەوەتا لەم دێڕە شیعرەدا زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێـت:

لەپێ حەرامە زڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق
ببێ بەشێر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست (دیوانی مەحوی ، ل104)

واتە زنجیری عیشق ناکرێتە پێی هەموو کەس و شایانی خەڵاتی وا نییە. بۆ ئەوەی ئەم زنجیرە بکرێتە پێت و لە پێتدا زڕەی بێ پێویستە بە شێر و ئەوەندە ئازابی بتوانی دەست لە دنیا هەڵگری.

## 2ـ٥ تەوەرەی چوارەم : ئەزموونی عیشق:

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەجرەبەی عاشق بە سووتانی دەکرد ئەو زاڵمە
سەیری کەن ئێستا دەڵێ: مشتێ زوخاڵم بۆچیە! (دیوانی مەحوی ، ل335 )

لێرەدا مەحوی فێری ئەوەمان دەکات کە ئەزموون پەیدا بکەین ئەگەر نا لەناو دەچین ، ئەوەتا دەڵێت دەبێت بەدوای دۆزینەوەی مەعشوقێکی دوور لە ستەمکاری دا بگەڕێین، چونکە مەعشوقی ستەمکار خۆشەویست و دڵدارەکەی خۆی بەوە تاقی دەکاتەوە کە ئاگری تێبەر دەدات و کەلێش بۆوە گوێی ناداتێ و زۆر بەدڵ ڕەقانە دەڵێت خەڵووز چی لێ بکەم. لەڕاستیدا ئەم دێڕە شیعرە بەراوردی نێوان عیشقی حەقیقی و مەجازی دەکات، چونکە زۆرجار عیشقیە زەمینیەکان بەم جۆرە مامەڵە دەکەن کە ئاگریشت تێ بەردەدەن و دوایی دەڵێن کەیفی خۆیەتی با بڕوات، بەڵام مەعشوقی ئیلاهی ئەگەر لەو پێناوەدا ببیە خەڵوز، ئەوا ڕێزت لێ دەگرێ و پاداشتت دەداتەوە و ڕێز لەو سووتانەت دەگرێ.

دەکرێت بڵێین هەموو کەسێك عاشق نییە و نە هەموو کەسێکیش مەعشوقە، هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی بێت لاف و گەزافی عیشق لێبدات بۆ خۆ دەرخستن بڵێ من عاشقم، بەڵکو بە پێچەوانەوە عیشق دەرگای خۆی لەسەر دادەخات و دەیخاتە دەرەوە و ڕیسوای هەموو جیهانی دەکات، چونکە عیشق گەر نەتتوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت ڕیسوات دەکات، هەروەکو مەحوی دەڵێت:

عیشقت ئەی جانا، منی ریسوایی عالەم کردووە
چاکە ئیناسفت بیێ بۆ ئەلف و سین و تێ و هێ
ئێستە بۆ لاف و گەزاف هەر کەس دەبینی عاشقە
نەك هەموو کەس جان فیدا وەك میم و حێ و واو یێ
((مەحوی)) ئەمڕۆ زۆر نەخۆشە قەت شیفای نایێ بەهیچ
گەر شیفای بێتن، بەبۆیی زولف و ئەو ئەگریجە دێ (دیوانی مەحوی، ل (368 – 367

هەڵبەتە ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لەسەر شێعرەکانی مەحوی دەربارەی عیشق، شێعری تریشی زۆرن لەسەر ئەم بابەتە ،بەڵام ئێمە بەم چەند نموونەیە کۆتایمان بە باسەکە هێنا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

بەپێی هەوڵدان و لێکۆڵینەوەکەمان, لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. عیشق حاڵەتێك نییە بێت بەسەر ڕۆحدا، بەڵکو خودی ڕۆح عیشقە.
2. عیشق جوانترین ئەخلاق دەبەخشێ بە مرۆڤ، واتا تاکە شتێك کە لە عیشق دەستت بکەوێت خودی ئەخلاقە، جگە لەوەش ئارامی و خۆش گوزەرانی بۆ مرۆڤ دابین دەکات.
3. هیچ دژایەتییەك نییە لە نێوان عیشقی حەقیقی و مەجازیدا, بەڵکو پەیوەندییەکی توند لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت.
4. عیشق لە شیعرەکانی مەحویدا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێ، هەروەها لەناو شیعرەکانی مەحویدا عیشقی حەقیقی و مەجازی بوونیان هەیە.
5. مەحوی لە شیعرەکانیدا وا دەردەکەوێت، کەعیشق ئەزموونەو قوربانیدانی دەوێت و ئەمەش بەبەهێزبوونی مەعریفە دەکرێت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:

1. تەحسین حەمە غەریب، دڵ و چاو، چاپخانەی یاد، چ.1، 2007.
2. عەتا قەرەداغی،مەحوی لەنێوان حەزی دنیایی و عیشقی خودایدا،چاپخانەی کەمال،سلێمانی،2011.
3. فاروق ڕەفیق، ئاشکردنەوەی عەقڵ و عیشق، چاپەمەنی گەنج.
4. قانیع خورشید، عیشق لەنێوان عەقڵ و ئاییندا،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،چ.4، 2014.
5. قانیع خورشید، عیشق وەك چەمکێك بۆ ژیان، چاپخانەی گەنج ، چ.2، سلێمانی، 2007 .
6. موسعەب ئەدهەم زەلمی، عیشق گەورەترە لە عیشق، چاپەمەنی گەنج، چ.2، 2010.

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دیوان:**

1. دیوانی مەحوی،لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەممەدی مەلاکەریم، سنندج انتشارات کوردستان،1381.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

1. احیاء علوم الدین، ج4، ص353،کتاب المحبة والشوق والانس والرضا,(مکاشفة القلوب الی حضرة علام الغیوب)ص37.

ڕۆحی مەحوی مەزنە
بە ئەندازەیەك چاوی تۆش وەك چاوی ئێمە
دڵت پڕ لە عیشق و ئیمان زەینت پڕ لە مەعریفە بکات
وەك چاو و دڵ و زەینی ئێمە
هەوڵێکی نوێ لە مەحوی ناسی
دەرگایەکی نوێ بۆ عیشق و
پەنجەرەیەکی دیکە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕۆحی ئێمە و
زانستە نوێکان
ناسینێکی مەنگە
لە کۆبوونەوەی ڕۆح و ئیمان
نزمە تۆش وەك ئێمە بیچێژی

**الملخص:**

إن هذا البحث الموسوم بـ(العشق في الشعر المحوي) يدرس العشق وإنعكاساته في الشعر المحوي، ويتناول أهم سيمات هذا الإنعكاس، يتكون البحث من فصلين إضافة إلى المقدمة والخاتمة.

تناول الفصل الأول بشكل النظري (العشق وتعريف العشق ومصطلحه وأهم خصائصه)، أما الفصل الثاني فقد تناول (المحوي والعشق) وجئنا بالنماذج الشعرية للموضوع، ومن أهم النتائج التي توصل إليها الباحث إن العشق يمنح الإنسان الأخلاق ويتعلمه، والعشق ليس حالة يأتي على الروح بل الروح هو العشق، والعشق ينعكس في الشعر المحوي بشكل ملحوظ.

**Abs t r a c t**

(Passion in Mahwi's poems) is the tittle of the present study in which the author tried to speak about the reflection of passion in his poetry and from this aspect the study deals with the facies of this reflection. The study, besides the preface and conclusions, consists of two parts. In the first part of the study (passion, the term pf passion, the concept of passion, and the features of it) are dealt with theoretically. In the second part of the study (Mahwi and Passion) are dealt with practically and poem examples are presented for the topic. The most important results that the researcher achieved are that passion gives ethics to the man and the man can learn ethic rules from it. Moreover, the passion is not Marely a state happening in the soul but it the passion itself is the soul. The passion also reflects broadly in Mahwi's poems.